# دکتۆر جەمال نەبەز و خۆشبەختییەک لە بەدبەختیی دا

پۆلا سەعید

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی 20.12.03 لە شاری نۆرنبێرگ لە وڵاتی ئەڵمانیا دا، کاتژمێر 15:30 بە کاتی ئەورووپا کۆڕێک بۆ ڕووناکبیری گەورەی گەلەکەمان دکتۆر جەمال نەبەز لە لایەن کۆمیتەی ڕاپرسیی شاری نۆرنبێرگەوە سازکرا. دکتۆر جەمال نەبەز سەرەتا بە پێداچوونەوەیەکی مێژووانە لە توێی سەدساڵەی ڕابووردا تیشکی خستە سەرچەند خاڵێک بۆ پەرت پەرتبوونی نیشتیمانی کوردان، پاشان فاکتەرە بە قوڵاچووەکانی بێهێزیی بنەما و بابەتە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و قۆناغە نەگۆڕەکانی ململانێی لایەنەکانی ناوبزووتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کوردی لە چەند ساڵەی خەباتی ڕابووردیاندا هەڵسەنگاند. دکتۆر جەمال نەبەزی ڕووناکبیر شیکردنەوەیەکی دا بەو هەلانەی کە لە ماوەی هەشتاوچوار ساڵی ڕابووردا چ لە باشووری کوردستان دا و چ لە خۆرهەڵاتدا بۆ کورد ڕەخساوە و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیشیانی دەستنیشانکرد. دیارە کۆڕەکەی ئەم ڕووناکبیرە گەورەیە دەرهەق بە ڕاپرسیی بوو بۆ ناساندنی بنەما باشەکانی ئەم شۆڕشە ئارامەی کە لە باشووری کوردستان دا لە دوای ئازادکردنی وڵاتی عێراقەوە لە دەست کریاتورەکەی بەغداد و داروودەستەکەی هاتۆتە نێو مەیدانی تێڕوانین و تیۆریەکانەوە. بەڵام هێند ئەوەی لە ناوەڕۆکەکەیدا پەیامێکی نەتەوەییی تێدا بوو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هێند گفتووگۆ لەسەر ڕاپرسیی نەکرا. ئەم بارودۆخەی ئێوارە کۆڕەکەی ڕووناکبیرێکی وەک دکتۆر جەمال نەبەز هێند گیانی تەبایی و ئارامیی لەناو بەشدارانی کۆڕەکەدا دروستکرد و هێند تۆوی هۆشیارییەکی نەتەوەییی لەناو دڵی هەریەکێکیاندا چاند کە ئەگەر بە دەیان کاتژمێری دیکەش لەسەر ڕاپرسیی گفتووگۆ بکرایە هەر هێندەی سوود بە داهاتی نەتەوەییی کورد دەگەیاند لە باشووری کوردستان دا. دکتۆر جەمال نەبەز زۆر کتوپڕانە و زۆر بە ڕێکەوت دەرگای فەلسەفەیەکی ئاوەڵا کرد کە هەتا ئێستا هیچ ڕووناکبیرێکی دیکەی تری کورد درکی پێ نەکردووە و سەرنجی بۆی نەچووە. دیارە لە نێوانی چەند ساڵەی شەڕی دەستەویەخەی نێوان لایەنە کوردییەکان دا، جەماوەر و هونەرمەندان و نووسەران و ڕووناکبیرانی گەلەکەمان ئەوەی پێیانکرابێت دژی ئەم هەڵوێستە نالەبارەی لایەنەکان بە تایبەت یەکێتی و دیموکرات نیشانیانداوە و پەرپەچیانداونەتەوە تا چ زووتر نییە دەست لە ڕشتنی خوێنی یەکدی هەڵبگرن. زۆرینەمان

دەستنیشانی ئەوەمانکردووە کە شەڕی کۆنەقینی ئەم یەکێتی و دیموکراتە سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ جیابوونەوەی "مکتەبی سیاسی" دیموکرات و بۆ دژایەتی نێوان خوا لێخۆش بوو مستەفا بارزانیی و خودی جەلال تاڵەبانیی خۆی، پاشان وەکوو میرات بڕایەوە و هەتا ئێستاش ئەم دەستە شکاوە نەگیراوەتەوە و سارێژ نەبووە و بە دڵنیاییشەوە سارێژ نابێت هەتا خاوەنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بن. ئەوەی دکتۆر جەمال نەبەز لەم ئێوارە کۆڕەدا هەژاندی ئەوەبوو کە لە پێناسەی شەڕی ناوخۆ دا ناوی برد " خۆشبەختییەک لە بەدبەختیی دا"، جەمال نەبەز پێناسی ئەم قەلاچۆکردنەی کورد ناو نانێت شەڕی برا کوژیی یان شەڕی ناوخۆ! ئەو خۆشبەختە لە شەڕی براکوژییدا کە لەم کارەساتە خوێناوییەدا لەم بەدبەختییەدا شەڕەکە شەڕی کورد و کورد نییە شەڕەکە شەڕی یەکێتیی و دیموکرات نییە بەڵکوو شەڕی دوو گرۆیە کە پێکەوە هەڵناکەن. شەڕەکە شەڕی دوو گرۆیە لەناو دوو کۆمەڵی وەک دیموکرات و یەکێتیی دا. ئەم شیکردنەوەیە ئەوە دەگەیەنێت ئەم پەیامە ئەو مژدەیە بە کورد دەگەیەنێت کە کورد هەتا ئێستا شەڕی براکوژیی نەبووە بەڵکوو شەڕی دوو گرۆی هەبووە، کە لەم شیکردنەوەیەدا دەتوانین ناوی بنێین دوژمنایەتی نێوان دوو بەرە، دوژمنایەتیش بە شەڕی ناوخۆ و بە شەڕی برا کوژیی ناتوانرێت پێناس بکرێت. چەندینەی لایەنگران و پێشمەرگەکان و کادرەکانی هەردوولا دوای ئەوەی زانیان و درکیان بە تاوانکرد لەم بەدبەختییەدا یان ئەوەتا هەڵهاتن و کۆچیانکرد بۆ هەندەران یان ئەوەتا وازیان لە ئەرک و فەرمانی کادرێتیی و پێشمەرگایەتیی هێنا و چوونەوە بۆماڵەوە بۆ ناوکەسوکاری خۆیان. ئەم دوو گرۆیە بۆ پەرەپێدان و بەردەوامییدان بەو کینەیەی لە دڵی خۆیاندا چەندین ساڵە چاندوویانە و ئێستا گەورەترین دارهەیزەرانی ڕقی لێ پەیدابووە کە بە گەورەترین مشاری ڕەخنەی ڕووناکبیران و دڵسۆزانی گەلەکەمان نابڕڕێتەوە، ئەندامەکانیان لە تەکیەی بەربەرەکانێی یەکیدیدا بە ناوی ململانێی ئایدیۆلۆژیەتەوە گۆش دەکەن و دەیانکەنە دەروێشی تەکیەکەی خۆیان و بە دەف و زوڕنای ئەوانیش نەبێت بە هیچی دیکە نە حاڵ ئەیانگرێت نە هەڵدەپەڕن. فەلسەفەی خۆشبەختییەک لە بەدبەختیی دا وەهایکرد کە هۆشێکی پاک بهێنێتەوە نێو خانەکانی بیرکردنەوەی چەندینەی ئەندامەکانی ناوهەردوو بەرەی ناوبراودا و تێڕوانینیان بۆ کارە بنچینەییەکان بگۆڕدرێت و بە پەرۆشەوە تەنها بۆ یەک مەبەست هەوڵبدەن کە ئەویش ئامانجی پاکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە، ئەو کوردستانەی کە پەرت پەرتبووە و تەنها یەکگرتن پێکیەوە دەلکێنێتەوە و چدی نا. ئەو کوردستانەی کە پێویستی بە دانانی یەکەمین خشتی بناغەی دروستبوونی یەکێتییەکەیەتی، وەک چۆن عەرەب ئەوە بە خۆی ڕەوا دەبینێت داوای یەکێتیی نیشتیمانی عەرەبیی بکات، کە ئەوان خاوەنی بیست و پێنج دانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن و هەمووشیان ئازادن، لە ناوەندی نەتەوەییی خۆیانەوە وەک عەرەب، هیچ نەتەوەیەکی بێگانەی سەردەست فەرمانڕەوایەتییان ناکات لەگەڵ ئەوەشدا تەقەلای یەکێتیی نیشتیمانیی عەرەب ئەدەن. لە خۆشبەختیی کوردە کە هەتا ئێستا پێک نەهاتووە و بە ئومێدیشم پێک نەیەت هەتا گەلی کورد بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خۆی نەگات. چونکە چەند چرای یەکێتیی عەرەب ڕوو لە کزی بکات

ئەوەندەش ئازادبوونی کورد لە باشووری کوردستان دا بەرەو خۆرهەڵات مل ئەنێت. وەک بەدلیسیی یەژێت: ئەو کوردستانەی کەوشەنەکەی لەسەر دەریای هورمزە، کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ، هەتا لە وڵاتی مەلاتییە و مەرعەش ئەبڕێتەوە. عێراقی عەجەم و وڵاتی فارس و ئازربایجان و ئەرمەنستانی گەورە و ئەرمەنستانی بچکۆلە دەکەونە باکووری ئەم خەتەوە. عێراقی عەرەب و موسڵ و دیاربەکر دەکەونە باشووری ئەم خەتەوە. مەردێری کەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو دەفەرمووێ: چێوەی ئەم خاکە دەگاتە نزیکەی 409650 کیلۆمەتر چوارگۆشە بەڵام جێگای خاوەنەکەی خۆی کە کوردە تێیدا نابێتەوە. کورد دەڵێ: ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە. دەبا لە ئیمڕۆ بەدواوە یەکترمان خۆشبوێت، دەبا هەموومان بۆ شیرینی خاک فەرهاد بین ئەم ڕەنجەش هەر بۆ ئەو بدەین. دەبا بەرژەوەندیی گەل و نیشتیمانەکەمان بخەینە پێش بەرژەوەندیی خۆمان و لایەنەکانمان و ئایدیۆلۆژیەتەکەمانەوە. دەیان ساڵە بانگەشەی " زەرڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەریی" دەکەین، بەڵام بۆ چرکەیەک چییە نەمان سەلماند هەتا ئێستا هەر فرۆشیار بووین. لەژێر پلانی داگیرکەراندا ئامڕازێکی بەدیهێنانی ئاواتەکانیان بووین. مقاشێکی تۆکمەی ڕەشەوەبوو بووین کەڵەپشکۆی کوانووی ئەم کوردستانەیان پێدەگرتین. دەبا بگەین بە لوتکەی ئازادیی، دەبا بگەین بە کۆشکی یەکسانیی، دەبا کوردستانمان سەربەخۆ بکەین. دەبا بۆ ئەم خاکە برایمۆک بین کەوا و سەڵتەی سەربەستیی لە بەری پەریخانی وڵات بکەین.

21.12.03

ئەڵمانیا